ژمارەی داهاتوو:
« رۆڵی هونەر لە دروستکردنی دەوڵەتدا
« هایکوو، بوارێکی هاوبەشی شاعیر و خوێنەر

ڕوودا و
# ئەدەب و کولتوور

ژمارە (14) دووشەممە 2017/4/10
email: bijar.hekim@rudaw.net
www.rudaw.net

# یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی
# سینەماکار ئێنگمار بێرگمان



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سیناریۆ ئامادەکراوەکەی ئێنگمار بێرگمان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی هاوبەشی لەگەڵ فیدیریکۆ فیلینی و ئاکیرا کۆرۆساوا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی کاری بۆ دەکرێت، ئەویش لە یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی دەرهێنەرە سویدییەکەدا.


بێرگمان، لە سیناریۆی ”66 خولەک لەگەڵ ریبیکا“ کە ساڵی 1969 دەربارەی مامۆستایەکی منداڵانی تووشبوو بە لاڵی نوسیوویەتی، باسی چەند رۆژێکی ژیانی پڕ بەسەرهات و نەهامەتییەکانی ئەم خانمە مامۆستایە دەکات کە لەسەرەتاوە رووبەڕووی رووداوێکی هاتوچۆ دەبێتەوە و سەردانی یانەیەکی رابواردنی سێکسی دەکات و لە ژووری گۆڕینی جلوبەرگی یەکێک لە کۆگاکاندا خۆی دەگۆڕێت. رۆڵی خانمە مامۆستاکە دەدرێتە ئەکتەری بەناوبانگ کاترین رۆس کە ئەوسا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار کاندید کرابوو بەهۆی نواندنی لە فیلمی (دەرچوو). سیناریۆکە دەستپێشخەرییەکی بێرگمان بوو لە فیلمێکی هاوبەش لەگەڵ فیلینی و کۆرۆساوا، بەڵام هەماهەنگیی نێوان ئەم کارەکتەرە مەزنانەی بواری سینەما جێبەجێ نەکرا و بەشاراوەیی مایەوە تا ئەو کاتەی لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا لە ساڵی 2002 سیناریۆی فیلمەکەی پێشکەش کرد. ئەوەی مایەی سەرسامییە، فیلمەکە لەلایەن سوزان ئۆستن دەرهێنەرە بەناوبانگەکەی سویدییە. ئەمەش بووە مایەی شۆک بۆ نێوەندی رۆشنبیری و سینەماکاران، چونکە دژایەتییەکی زۆر سەختی یەکدییان کرد تا ئەوکاتەی لە ساڵی 2007 دا کۆچی دوایی کرد.

سیناریۆکەی بێرگمان بەڕێکەوت کەوتبووە دەست ئۆستن. لە بەرنامەیەکی تایبەتی رادیۆی سویدیدا بڵاوکرایەوە کە سیناریۆکە دەکرێتە فیلمێک و لە 100 ساڵەی یادی لەدایکبوونیدا کە ڕێکەوتی ساڵی 2018 دەبێت، نمایش دەکرێت. بەڕێوەبەری بەشی درامای رادیۆی سویدیش کە قوتابییەکی ئۆستن بوو، وەک نمایشێکی شانۆیی ئێزگەیی ئامادەی کردبوو، رۆژی 6ی تشرینی دووەم لە چەند زنجیرەیەکی جیاوازدا وەک شانۆی ئێزگەیی بڵاوی کردەوە و بووە مایەی خۆشحاڵی و بەهۆیەوە ئۆستن بڕیاری دا زۆر بەجدی کار لەسەر ئەم پرۆژەیە بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە رۆژنامەی گاردیان-ی بەریتانی دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئۆستن سازکرد کە لەبەشێکیدا گوتبووی، بێرگمان لە رووی سیاسییەوە پارێزگار بوو، بەڵام وەک هونەرمەندێکی گەورە زۆربەی پرسەکانی وجودییەتی چارەسەر کردووە و لە ئاماژەیەکدا بۆ سیناریۆی ”64 خولەک لەگەڵ ریبیکا“، گەشبینی خۆی بەئایدیاکانی دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە لە روانگەی ئافرەتانەوە کەسێکی زۆر راشکاو بووە.

هاوکات یان هۆڵمبێرگ، بەڕێوەبەری دامەزراوەی ئێنگمار بێرگمان خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی لەوەی ئۆستن کاری دەرهێنان بۆ ئەو فیلمە دەکات کە بێرگمان سیناریۆکەی دارشتووە و ئەوەی بە لێککەیشتنێکی مێژوویی ناوبرد.

## تاریک، بەقەد درەوشانەوە تاریک
# کەریم دەشتی
## کتێبێکی نوێی شیعری بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

” تاریک، بەقەد درەوشانەوە تاریک“ ناونیشانی کتێبێکی شیعریی نوێی ” کەریم دەشتی“ یە. دەشتی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی باشووری کوردستان و خاوەنی چەندین کتێبی رۆمان و شیعر و ئەدەبیاتە. شیعرەکانی کەریم دەشتی بۆ زمانەکانی عەرەبی، فارسی و سوێدی وەرگێڕدراون و رەخنەگران لەبارەی بەرهەم و دەقە شیعرییەکانی هەڵوەستە دەکەن ولەبارەیەوە دەنووسن.



# نووسەری هاری پۆتەر
## رۆمانی"بکوژە سپییەکە" بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

جەی کەی رۆلینگ، نووسەری بەریتانی کە بە رۆمانی گەنجە ساحیرەکە هاری پۆتەر ناوبانگی دەرکرد، ئێستا رۆمانێکی نوێی لەبەردەستدایە. رۆڵینگی تەمەن پەنجا و یەک ساڵ، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردەوە کە نیازی هەیە کتێبە نوێیەکەی ناوبنێت ”بکوژە سپییەکە“.

ئەم کتێبە لەبارەی پیاوێکی لێکۆڵەرە بەناوی کۆرمۆران سترایک کە رۆڵی سەرەکی دەبینێ لە رۆمانە پۆلیسییەکانی وەک The Cuckoos Calling لە ساڵی 2013 و The Silkworm لە 2014 و Career of Evil لە ساڵی 2015 . جەی کەی رۆلینگ ئەم کتێبانەی بەناوی ”رۆبێرت گالبرێس“ کە ناوێکی خوازراوە، بڵاوکردەوە. ساڵی رابردوو رۆلینگ کتێبێکی نوێی لەبارەی ژیاننامەی هاری پۆتەر بڵاوکردەوە بەناونیشانی ”هاری پۆتەر و منداڵە نەفرەت لێکراوەکە“، ئەمەش بووە هەشتەمین بەشی رۆمانەکە کە پڕفرۆشترین بوو لە مێژووی ئەدەبی بەریتانی و ژمارەی پێوانەیی ترازیدیای ”رۆمیۆ و جولێت“ی ولیام شکسبیریشی شکاند.

لە کۆتایی ساڵی 1990دا و ماوەیەکی کەم دوای چاپکردنی یەکەمین کتێب لە زنجیرەی هاری پۆتەر، کۆمەڵێک نیگەرانیی لەبارەی توانای جادوویی و خوداییانە و دژیەکیی ئەوانە لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی ئینجیلدا، دروست بوو. هەروەها گرووپێکی ئایینی، لە کانوونی یەکەمی 2011دا بەشێک لە کتێبەکانی هاری پۆتەریان لە مەکسیک سووتاند و رایانگەیاند کە ئەو کتێبانە شەیتانی بوون. جگە لەوە، لە مەین، کە ویلایەتێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا، ئامۆژگاریکەرێکی ئایینی لە مەراسیمێکدا هاری پۆتەر و تەلاری نهێنییەکانی پارچەپارچە کرد. جەی کەی ڕۆڵینگی نووسەر، لە 31 ی تەمووزی 1965 لە بەریتانیا لەدایکبووە و خاوەنی چەندین کتێب و خەڵاتە لە بواری نووسیندا. زنجیرەکتێبی هاری پۆتەر لە حەوت کتێب پێکدێت کە بەشێکیان کراون بە فیلم.

# ئەو شیعرانەی خۆشمدەوێن



■ ئەنوەر عەباسی "هەرەس"

''ئەلف بامداد'' یان هەمان شاملو وەک کاریگەرترین شاعیری بەرەی دوای ''نیما یوشیج'' لە ئێران ناسراوە. نەدەکرا لەم زنجیرە وتارەدا جێگەیەک بۆ داهێنەری ''شیعری سپی'' نەکەمەوە. بەڵام بۆ من کە شەش حەوت شیعری شاملوم زۆر بەلاوە پەسندە و ڕەخنەی جددیم لەسەر کۆمەڵێک لە شیعرەکانی هەیە، هەڵبژاردنی شیعرێکی بۆ هێنانە بەر باس وەکو شیعرێک کە خۆشمدەوێ، زۆر سەخت نەبوو. شیعری ''سەفەر'' لە کتێبی ''قەقنەس لەبەر باران''، یەکێک لەو شیعرانەیە کە بۆ من ڕوخسارێکی ''نە ئەم نە ئەوی'' هەیە. واتە هەم وەک یەکێک لە گرنگترین ئەزموونەکانی ''شیعری گێڕانەوە''ی شاملو کە تێیدا دەستی بە زمانێکی پتەوی شیعری و پێشقەڕۆ گەیشتووە، شیعرێکی تایبەتە و خۆشمدەوێ و هەم بەهۆی جۆرێک سەرلێشێواوییەوە کە لە کۆتایی شیعرەکەدا بۆ شاعیر و بۆ شیعرەکە هاتووەتە پێش، ڕەخنەم لێی هەیە.

هەروا کە چاوەڕوانیمان لە شیعرێکی گێڕانەوە هەیە، ئەم شیعرەیش هەموو تایبەتمەندییەکانی یەکدانە چیرۆکی تێدایە، بەڵام بە زمانێکی پتەو و بەری لە ''شیکردنەوەی ناپێویست'' و بەبێ دابڕان لە شهودی شیعری، ڕێگەی لەوە گرتووە کە شیعرەکە بخزێتە نێو داوی چیرۆکەوە.

سەرەتا شیعر بە پرسیارێک دەستپێدەکات کە درێژەی شیعرەکە لە چوارچێوەی ئەم پرسیارەدا مانا پەیدا دەکات. گێڕەرەوە کە ''یەکەم کەس''ە، پرسیاری ئەوە لە گەمییەوانەکەی دەکات کە مزگەوتەکەی لە کوێیە. لێرەدا گەمییەوان یان هەمان ''ناخوا'' وەبیر ''خدری زیندوو''مان دەخاتەوە. ئەو کە ڕێنمای ڕێونکردووانە، یان باشتر بڵێین ناخوا هێمای پیر و ڕێنوێنە، لە عیرفاندا هەمانە کە ''سالک'' بۆ ئەوەی قۆناغەکان، یان باشتر بڵێین شارەکانی ئەڤین تێپەڕێنێت و بە دڵدار بگات، پێویستی بە پیر و ڕێنوێن هەیە. ئاماژەی شاملو لەم شیعرەدا بە حەوت دەریا، ئاماژەیەکی ورد و زیرەکانەیە بە ژمارەی حەوت کە ژمارەی قۆناغەکانی عیرفانە (گلب، عشق، معرفت، استغنا، توحید، حیرت، فقروفنا). سەیر لەوەدایە کە ئەگەرچی سەرەتا ئاماژە بەم حەوت دەریایە دەکرێ، بەڵام لە درێژەی شیعرەکەدا تەنیا باسی دوو دەریای مردوو و زیندوو دەکات و قۆناغێکی تێپەڕین. وەبیرهێنەرەوەی دۆزەخ و بەهەشت و بەرزەخ. بە جۆرێک دەتوانم بڵێم شاعیر حەوت دەریای زەینی و دوو دەریا و قۆناغێکی تێپەڕی عەینی لەبەرچاو گرتووە. واتە حەوت قۆناغی ئەڤین لە مێشکدا وێنا دەکات کە هەتا گەیشتن بە گۆمی مەبەست دەبێ بیانبڕێت، بەڵام لەڕاستیدا بە دوو دەریای ڕاستەقینەدا تێدەپەڕێ کە دەریای بێ ئەڤینیی (مردووان) و دەریای ئەڤین (هەمیشە زیندووان) بێت و قۆناغی تێپەڕاندنیش (واتە بەرزەخ) هەمان تەنگاوەکانن. ئاماژەگەلێک وەک باهۆزی مەزن (کە وێدەچێ مەبەست قیامەت بێت) ڕەچەڵەکی میتافیزیکی بیرۆکەی زاڵی نووسینی ئەم شیعرە زیاتر دەردەخەن.

بەگشتی لە شیعری گێڕانەوەدا، لەگەڵ پێکهاتەیەکی ئاسۆییدا بەرەوڕووین، واتە شیعرەکە لە شوێنێکەوە دەستپێدەکات و لە شوێنێکدا دەگاتە کۆتایی و لەم نێوانەدا ناپەرژێتە سەر قووڵاییەکی هەستەکی و تەنانەت هزریش کە لە شیعری ئاساییدا (ئاسایی مەبەست شیعرێکە کە گێڕانەوەیی نەبێت) دەبینرێ. شاعیر، شاعیرانە دەگێڕێتەوە و تێدەپەڕێ، بەڵام شاملو لەم شیعرەدا بە ئاشکرا دەریدەخات کە لەگەڵ ئەم پێکهاتەیەی شیعری گێڕانەوەدا کێشەی هەیە، بۆیە بزۆزانە هەرکات دەرفەتی بۆ دەڕەخسێ و زیاتر لە نێوان دوو هێڵدا (- *** -) بازێک دەداتە نێو قووڵایی و خێرا دێتەوە دەرەوە. ئەم تایبەتمەندییەی شیعری سەفەر یارمەتییەکی زۆری داوە کە شیعرەکە هەرچی زیاتر خۆ لە بەچیرۆکبوون ببوێرێ و شیعرییەت پەیدا بکات.

هونەری شاملو لە یەکخستنی وشەکان و ئارکاییککردنەوەی زمان لەپێناوی شیعراندنیدا لەم شیعرەدا گەیشتووەتە لووتکە. توانستی شاعیر بۆ هێنانە نێو بازنەی وشەی خەیاڵ، جێگای سەرسوڕمانە. وێنەگەلێک کە دەیخاتە پێش چاوی خوێنەر هێندە زیندوون، دەتوانێ هەستی پێ بکات. لەم شیعرەدا لەگەڵ سەوڵ لێدانی بێ هیوادا لە شان و قۆڵ دەکەوین و بە هەناسەدان لە هەوای بۆگەنی تاعوونیدا سینگمان دەگوشرێ. بە جیرەجیرِی تەژەبەرزەکان ئەژنۆمان دەلەرزێ و بە گەیشتن بە دەریای پاک دڵمان ڕوون دەبێتەوە:

**لەبەر خوا**
**مزگەوتەکەی من لە کوێیە**
**ئەی ناخوا* کەی من**
**لە کیژان دوورگەی ئەو گۆمە مەندەیە**
**کە ڕێگاکەی**
**بە حەوت دەریای بێ ئاماندا تێدەپەڕێ؟**
**بە تەنگاو* ێکی پێچەڵاوپێچدا تێپەڕین**
**- لە یەکەم شێوانی سەفەر-**
**کە ئاسمانی شین* ئاوێنە بوو.**
**لەگەڵ کزبوونی شەو**
**- کە وەک بڵێی**

**لە تەنگەبەری بەردین**
**خۆشتری بووبێ-**
**هاتینە نێو دەریایەکی مردوو**
**- بە ئاسمانێکی کورتی سووربینەوە-**
**کە شەپۆل و با ی**
**بە بێدەنگییەکی تاهەتاییەوە هەڵواسیبوو**
**تاوێکی شێداری**
**- کە لە بەرینایی بێ بڕپاریی خۆیدا**
**سەرگەردانیی دەچەشت و**
**لە دڕدۆنگیی نێوان نیشتنەوە و هەڵساندا**
**بەلەنکار**
**دەهات و دەچوو-**

**ئێمە بە ئاستەم لە هەوای گەنیوی تاعوونیدا**
**هەناسەمان دەدا و**
**بە عارەق ڕژان**
**لە هەوڵێکی بێ هیوادا**
**سەوڵمان لێدەدا**
**لەسەر پانتایی بێدەنگی دەریایەکی پتروکاو**
**کە سەرانسەر**
**داپۆشراوە بەو تەرمانەی چاوەکانیان**
**هێشتا**
**- لە هەراسی باهۆزی مەزن-**
**داچەقاوە و**
**لە ئاگری توورەییەک کە بە هەر گیاندارێک**
**لە چاویاندایە**
**نێزەکە تیژەکانی هەورە گرمە**
**فڕ ئەدرێن**

**تەنگاوەکان**
**دەریاکان**
**تەنگاوەکان**
**و دەریاکانی دی...**

**ئەو کات گەیشتینە دەریایەکی کوڵایکوڵ**
**بە گێژاوی سامناک و**
**گاشەبەردی برژاوەوە**
**کە شەپۆلەکان**
**لەسەریان دەکوڵان**

**"- ئێستا دەریای هەورەکانە...**
**ئەگەر ئەوین نەدەبوو**
**قەت هیچ بنیادەمێک**
**بەرگەی سەفەرێکی وەهای نەدەگرت!"**
**وەهات وت**
**بەو لێوانە کە بەردەوام**
**دەتگوت**
**ناوی گوڵێک دووبارە دەکەنەوە.**

**لەو کاتەوە کە لەنگەری سەفەرمان هەڵهێنا**
**ئێستا وتەی تۆ بوون**
**لەو لێوانەی**
**کە دووپاتەی بەهار و باخن.**

**وتەی تۆ لە دڵم نیشت**

**و من ئەوم**
**پیت**
**بە پیت**
**دووبارە کردەوە.**
**ئەو وشانەی کە عەتری دەمی تۆی پێوە بوون.**

**لەو دۆزەخەدا**
**- کە ئاوی گەنیو**
**هەروا کە دووکەڵی دەکرد**
**لەسەر تاوەی سووری بەرد**
**دەسووتا-**
**شێی دەمتم**
**لە هەر یەکەیەکی قسەت دەچەشت.**

**و تۆ بە لێهاتوویی**
**کەشتییەکەت**
**بەسەر دەریای هەڵم و کوڵدا**
**لێدەخوڕی.**
**کەشتی**
**بە قورسایی لێشاوی خۆی**
**بە جیرەجیرِی تەژە بەرزەکان**
**- کە لەبن باری لووتبەرزی بایەوانەکان**
**پەست دەبوو-**
**لە کاتی تێپەڕین لە دیوارە پووکە لار و خوارەکان**
**بە کابوسێک دەچوو**
**کە بە ئاوێکی قورسدا**
**تێدەپەڕێ.**

**بەڵام**
**هەر ئەوەندەی کە ڕۆژی بێ هەتاو**
**نیشتە زەردی،**
**لە پاش تەنگاوێکی کورت**
**ڕێگەمان بردە دەریایەک**
**کە هێند پاک بوو**
**دەتگوت زەنگییەکان**
**لە کاسە مەرجانییەکەیدا خەمی غوربەت گریاون**
**و**
**من خەمی ئەوان و تۆ**
**خەمی من**

**مزگەوتی من**
**لە دوورگەیەکی**
**ئەم دەریایەدایە.**
**بەڵام کام دوورگە، کام دوورگە، نوحی من ئەی**
**ناخوای من؟**
**ئایا خۆت**
**بە دۆزینەوەی ئەو دوورگەیە**
**کۆترێک لەسەر کەشتییەوە هەڵدەستێنی؟**
**یان بە شێوەیەکی تر؟ یان بە ڕێگایەکی تر؟**
**- کە لەم بەستێنەدا**
**هەموو شتێک**
**ڕاستگۆیانە**
**لە ئاوەوە بگرە تا تریفە ڕاخراوە و**
**زێوی لێڵی پوولەکەی ماسییەکان**
**لە ئاودا**
**مانگێکی دیکەیە**

**لە ئاسمانێکی ئاوەژوو-**

**لە پانتایی چۆڵەوانییەکی تاهەتایی**
**لە دوورگەیەکی دەستلێنەدراودا، دابەزین.**
**گوتت:**
**"ئەمەت سەفەر، کە گەیشتە مەبەست:**
**ئاستەم ڕێگایەک بە ئاکامێکی خۆش!"**
**و من بە سوژدە**
**تەوێڵم نایە سەر خاک**

**لەبەر خوا**
**ناخواکەی من!**
**مزگەوتەکەی من لە کوێیە؟**
**لە کام دەریا**
**کام دوورگە؟**

**ئەویا کە من لە خۆ چووم هەتا لەبەردەم تۆدا**
**سوژدە بەرم و**
**بە ویردوێنەیەک**
**- وەکوو مۆمیاکراوێکی ئەوپەڕی سەدەکان-**
**گیان بکەم بە بەر**
**ئاینێکی کەوناردا**

**مزگەوتەکەی من لە کوێیە؟**
**بە دەستە ئەڤیندارەکانت لەوێ**
**بۆ من**
**ئارامگەیەک ساز بکە!**

وەکوو دەبینن شاملو هەڵەیەکی بچووکی زمانیی کردووە و بە جێگای هەورەتیشکە، هەورەگرمەی بەکارهێناوە (بە جێگای بێرخش، تندری بەکارهێناوە) بەڵام ئەمە هەڵەیەکی بچووکە لە پای ئەو زیانەی کە لە کۆتایی شیعرەکەدا دەیکات. لە دوای ئەوەی کە ناخواکە پێیدەڵێ: ئەمەت سەفەر کە گەیشتە مەبەست و... شاعیر سەری سوژدە دەنێتە سەر عەرز، خوێنەر چاوەڕێی ئەوە دەکات کە یان شیعرەکە تەواو بێت یان پرسێک کە لە سەرەتاوە ساز کراوە، لێرەدا چارەسەر کرابێت و ئیدی باسی لێوە نەکرێت. بەڵام دەبینین کە شاعیر لە دوای گەیشتن بە دوورگەی مەبەست، دیسان دەپرسێ لە کوێیە. کە ئەمە لەگەڵ مەنتقی شیعریی شیعرەکە نایەتەوە.

ئەگەرچی دەکرێ لێرەدا پاساوێک بهێنینەوە و بڵێین کە شاعیر مەبەستی لەوەیە مرۆڤ قەت ناگاتە مەبەست و هەرکات بە مەبەستێک دەگات، تازە دەزانێ کە ئەم مەبەستە تەنیا هەنگاوێک بووە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیکە و ئەم چەرخ و خولە بەردەوام درێژەی هەیە. بەڵام ئەگەر وەها مەبەستێکیشی بووبێت، بەڕای من نەیتوانیوە باش دەریببڕێ.



***ناخوا:** کەشتییەوان. لەبەر جوانکارییەکی لەفزی کە لە نێوان خوا و ناخوادا هەیە، هەر ناخوام لە وەرگێڕاندا بەکارهێنا. هەڵبەت خودی وشەی ناخوا- یش بەڕای من هیچ کێشەیەکی نییە چونکا پێکهاتەکەی بۆ کورد ڕوونە.

*** شاملو وشەی تنگاب**- ی بەکارهێناوە کە بە مانای ڕێڕەوێکی تەنگی ئاو دێت. لە فارسیی ئەمڕۆدا زیاتر وشەی ''تنگە'' بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن کە ڕەنگە ڕاست مەبەستەکەی شاملو نەپێکێ. بەهەرحاڵ ئێمە لە کوردیدا وشەی تەنگاومان هەیە کە وەکوو مانای سەرەکیی وشە، هەمان مانای مەبەستی شاملوی هەیە، بەڵام ئەمڕۆکە لە زمانی کوردیدا مانایەکی تری پێدراوە. من لێرەدا هەر بەو مانایەی کە مەبەستی شاملو بووە، مەبەستمە. جگە لەوەیش ئەو هەستی لە تەنگەبەر بوونە کە لە وشەی تەنگاوی کوردیدا هەیە، زۆر بۆ ئەم مەبەستە گونجاوە.

*** لێرەدا شاملو دەستەوشەی "مزرع سبز"**ی بەکارهێناوە کە بە مانای مەزرای سەوزە. ئەم دەستەوشە لە شیعرێکی حافزی شیرازییەوە خوازراوە کە لەوێدا حافز، ئاسمان بە مەزرایەکی سەوز دەشوبهێنێ. لەبەر ئەوەی خوێنەری کورد لەگەڵ ئەم پێشینەیەدا ئاشنا نییە و لەلایەکیشەوە ئاستی شیعرەکە بەپێی ئەوەی کە دەستەوشەکە خوازراوە و هی خودی شاعیر نییە، بەم ئاڵوویرە ناگۆڕدرێ، من هەر ماناکەیم گواستووەتەوە کە هەمان مانای ''ئاسمانی شین''ە.

# ژیان وەک دادگاییەکی بەردەوام

# -فرانتس کافکا و فیلسە باوەر-



■ شوان ئەحمەد

ڕۆژی 13ی ئۆگۆستۆسی 1912، ئێوارەیەکی درەنگوەخت لەشاری پراگ، کابرایەکی باریکەلەی بالابەرز خۆی بەماڵی هاوڕێکەیدا دەکات.

لەگەڵ چوونەژورەوەیدا، لووتی بە لووتی خانمێکدا دەتەقێ کە یەکەمجارە دەیبینێ و لە مەتبەخەکەدا لەسەر کورسیەک دانیشتووە.

سەرەتا وادەزانێ خزمەتکارە، دواتر و کاتێک بەیەکتریان دەناسێنن، دادەنیشێ و لەژێرەوە لێی ورد دەبێتەوە. ئەوەی زیاتر لەو خانمەدا سەرنجی ڕادەکێشێ، ددانی شاش و ئێسکی پان و گەردنە بەرزەکەیەتی.

ئەو کابرایە فرانتس کافکایە و خانمەکەش فیلسە باوەرە و ماڵەکەش ماڵەباوانی ماکس برودە. یەکتربینینی ئەو دوو بوونەوەرە، دەبێتە سەرەتای پەیوەندییەکی درێژی پێنج ساڵ و سێ مانگ و سیانزە ڕۆژی، پڕ لە ناسۆر و ئێش و ئازارێکی بێحەد و حیساب.

لەو ماوەیەدا دیدار و یەکتربینینی کەم ڕوودەدات، بەڵام لێشاوێک نامە لەنێوانیاندا دێت و دەچێت. نامەی ئەویندارى، بەڵام لەڕاستیدا نامەی ئەویندارى نین بەمانا زۆر باو و تەقلیدییەکەی.

ئەو نامانە دەبنە هەوێنی ئەم کتێبە نایابەی ئەلیاس کانیتی (دادگاییەکی دیکەی کافکا)، خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات 1981.

کافکا لەتەمەنی لاوێتیدا هێندە تەنیاو بێ پەیوەندی بوو (کە فیلسە باوەر دەناسێت تەمەنی بیست و نۆ ساڵان دەبێت)، ناچار بەدوای ژنانی وەک فیلسە و مێلینا دەکەوێت، تا جێگای خاڵیی دایکی بۆ پڕبکەنەوە.

لەنێوان ئەو پێنج شەش ژنەی لە تەمەنی کورتی خۆیدا ناسیونی (کافکا تەنیا چل ساڵ و یانزە مانگ ژیا)، فیلسە باوەر کاریگەرترین ژنێک بووە لە ژیانیدا.

ئێوارەی 13/8/1912 دەیناسێت و لە 25/11/1917 بەیەکجاری کۆتایی بە پەیوەندیی نێوانیان دێت. لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، سەدان نامە و پۆستکارت لەنێوان پراگ و بەرلیندا دێت و دەچێت (فیلسە سکرتێری کۆمپانیایەک دەبێت لە بەرلین).

هەروەها ئەو قۆناغی یەکترناسین و ئەویندارییەش، بەبرشتترین و پڕبەرهەمترین قۆناغی نووسینی کافکا بووە. دوای ئەوەی لە 20 ی ئەیلولی 1912 یەکەمین نامە بۆ فیلسە باوەر دەنووسێت، لەشەوی 22 لەسەر 23 ی ئەیلولی هەمان ساڵدا (بەیەک نۆبە و لە یەک دانیشتندا)، چیرۆکی (دۆز- داوەری) دەنووسێت کە بە درێژترین و ئەفسوناویترین و تۆکمەترین چیرۆکی کافکا حیساب دەکرێت.

هاوکات لەنێوان ئەیلولی 1912 تا سەرەتای ساڵی 1913، پێنج بەش لە ڕۆمانی ئەمریکا دەنووسێت. لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا (بەڕموزنبوون) دەنووسێت و نووسینی سێ هەفتە دەخایەنێت (لە 18ی تشرینی دووەم بۆ 6 ی کانوونی یەکەم).

واتە سەرباری هەموو شتێ، ئەو خانمە گۆڕانکارییەکی نەوعی لە ژیانی کافکادا دروست دەکات و وزەیەکی گەورەی نووسینی پێدەبەخشێت. بەوەش دەتوانێت بەرهەمگەلێک بخولقێنێ (وەک ماکس برود لەنامەیەکدا بۆ فیلسە باوەری دەنووسێت) کە خودا لە ڕێگەی مێشکی ئەوەوە دەیەوێت، هەموو بەندەکانی بیبینن. هەرچەندە کافکا بە چاوی ژنی دڵخوازی خۆی سەیری فیلسەی دەکرد و دەیویست مارەیی ببڕێت و هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، بەڵام وەک بڵێی دەستێکی نادیار هەبووبێ و هەموو جارێک بەری بەو پرۆسەیە گرتبێ و ئەو پلانەی هەڵوەشاندبێتەوە.

کافکا پێیوابوو فیلسە خانمێکی تەندروست و بەدەماغ و باوەڕبەخۆیە، لەکاتێکدا خۆی لەش بەبار و ڕەشبین و بەچەشنێک بڕوا بەخۆنەبوو بوو، نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ.

لەبەرئەوەی نووسین و ئەدەبیات بۆ ئەو بووبووە جۆرێک لە عیبادەت و چارەنووسی خۆی بە پرۆسەی نووسینەوە گرێدابوو، دەستبەرداری هەموو شتێک بووبوو لە ژیاندا، فیلسەش قوربانییەکی ئەو دۆخە بوو.

کافکا بەوپێیەی بوونەوەرێکی گۆشەگیر و تەنها بوو، پەرۆشی پەیوەندی بوو، وەلێ دەستەوستان بوو لەوەی ئەو پەیوەندیانە تاکۆتایی بەرێت. لەگەڵ فیلسەدا دووجار تا مارەبڕی دەڕوات (حوزەیرانی 1914 و تەمووزی 1917)، بەڵام فۆبیای هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان و خستنەوەی منداڵ، ڕێگەی نادەن لەوە زیاتر پڕکێشی بکات.

ڕۆژی 16ی حوزەیرانی 1913 بۆ یەکەمجار داوای هاوسەرگیری لە فیلسە دەکات و ئەویش لە نامەیەکدا زۆر بەکورتی بە (بەڵێ) وەڵامی دەداتەوە و ڕەزامەندی خۆی نیشان دەدات.

ڕازیبوون و وەڵامدانەوەی بە (بەڵێ)، کافکا شپرزە دەکات و سەری دنیای لێدێتەوە یەک و نامەیەکی دیکەی بۆ دەنێرێت و پێی دەڵێت: (داوای هاوسەرگیریت لێدەکەم و هەستدەکەم لەناخەوە دادەهێزرێم کە بەبەڵێ وەڵامت دامەوە، ئەژنۆم دەلەرزێ).

کافکا پێنج هەفتە دوای بینینی فیلسە لەماڵە باوانی ماکس برودی هاوڕێی، دەست بەنامە ناردن دەکات بۆی و دەیەوێت لەڕێی نامەنووسینەوە ڕامی بکات. وەک نامەکانی فێرناندۆ پێسوا بۆ ئۆفیلیا کیرۆشی خۆشەویستی، نامەیەکی کافکا نییە بۆ فیلسە پڕگلەیی نەبێت و دادوبێداد لە حاڵی ناهەموار و دەردەداری خۆی نەکات.

لەپاڵ ئەوەشدا دەیان پرسیاری لێدەکات و دەیەوێت هەرچی هەیە و نییە، لەبارەی ژیانی ڕۆژانەیەوە بیزانێت... لە ئۆفیس چی دەکات؟ ئەی لەماڵەوە چی دەخوات و چی لەبەر دەکات؟ ناوی هاوڕێ ژن و پیاوەکانی چین؟ چی دەخوێنێتەوە؟

کافکا وەک خۆی بەپێتی درشت لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت: (ژیان لەماڵەوەیاندا دادگاییەکی بەردەوام بووە بۆی).

سەروەختێکیش لەیەکەم مارەبڕینی فیلسە پەشیمان دەبێتەوە، ماڵە باوانی ئەو خانمە لە هوتێل (ئەسانیش هۆف) لەبەرلین و لە ڕۆژی 12ی تەموزی 1914 دادگاییەکی بۆ ڕێکدەخەن و وەک تاوانبارێک بەدڵی خۆیان سەرزەنشتی دەکەن.

دواتر ئەوە دەبێتە هەوێنی نووسینی ڕۆمانی (دادگایی)، کەچی هەموو ئەوانە ڕێی لێناگرن جارێکی دیکە دەست پێبکاتەوە و سێ ساڵ دواتر لەگەڵ فیلسەدا ئەڵقە بگۆڕنەوە، ئەوەش هەربەناکامی کۆتایی دێت و بەیەکجاری کۆتایی بە پەیوەندیی نێوانیان دێت.

بەتایبەت کاتێک لە ئەیلولی 1917دا پزیشکەکان پێی دەڵێن: «سیەکانت نەخۆشن». ئەمە وادەکات لە 25ی تشرینی دووەمی 1917 دا، ئەو دوو ئەویندارە لەیەک جیاببنەوە.

دوو ساڵ دوای ئەوە، فیلسە شوو بە بازرگانێکی دەوڵەمەندی شاری بەرلین دەکات و چل و سێ ساڵ دوای جیابوونەوەی لە کافکا، ساڵی (1960) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردەنێتەوە.

ئەوەی بەدەسکەوتێکی گرنگ بۆ فیلسە حیساب دەکرێت، ئەوەیە کە لە ساڵی 1955 (واتە پێنج ساڵ بەر لە دنیادەرچوونی)، سەرجەم نامەکانی دەفرۆشێت بەخانەی وەشانی بەرهەمەکانی فرانتس کافکا و ئەو نامانەش دەبنە دۆکیومێنت و سەرچاوەیەکی ئەدەبیی گرنگ بۆ کافکاناسان. وەک چۆن بوونە سەرچاوەی ئەم کتێبە گرنگەی ئەلیاس کانیتی و دەبنە سەرچاوەی بەرهەمگەلێکی دیکەش لەئێستا و داهاتوودا.

# لەبارەی فیلمی ڕەنگی خوداوە

■ سەروەر محێدین

فیلم پانتاییەکی گەورە لەناو هەموو کولتوورەکان و کۆمەڵگەکاندا داگیر دەکات و یەکێکە لە ئارتە هەرە باشەکانی کە راستەوخۆ و زۆر خێرا شوێن و ئاسەوار لەسەر مرۆڤ بەجێدێڵێت و ئامرازێکی باشە بۆ بردنەسەری ئاستی فەرهەنگی و رەفتاری خەڵك لە کۆمەڵگەکاندا، بۆیە وەك هەوڵێك، بە پێویستم زانی کۆمەڵێك فیلم کە لەناو جیهانی سینەمادا شوێن و پێگەی تایبەتیان هەیە، قسەیان لەسەر بکەم. فیلمی ڕەنگی خودا یەکێکە لەو فیلمانە کە کاری دەرهێنەری ئێرانی مەجید مەجیدییە و ساڵی 1999 بەرهەم هاتووە.

محەممەد: ئێرە چییە؟
باوك: درەخت، دارستان
محەممەد: ئەو دوور دوورە چییە؟
باوك: هەر دارستان.. دیسان دارستان.

**دەرهاویشتە و لێکدانەوەی فیلم:**

فیلمەکە باس لە منداڵێکی نابینا بەناوی محەممەد دەکات کە لە قوتابخانەی نابینایانی شار دەخوێنێت، محەممەد دەیەوێت بۆ پشووی هاوین بگەڕێتەوە بۆ لادێ خۆشەکەی، لە دیمەن و دیالۆگەکاندا خویایە کە لە سەروبەندی کۆتایی ساڵدایە و قوتابییەکان خۆیان ئامادە دەکەن و کەلوپەلەکانیان جیادەکەنەوە، دەبینن مامۆستاکەیان، کاسێتە دەنگییەکانیان کە تێکەڵ بووە، بۆیان جیادەکاتەوە و هەریەکەیان بە گوێگرتن لە کاسێتەکان هی خۆیان دەناسنەوە، دەنگێکی لاواز دەبیسترێت کە لایلایە بۆ محەممەد دەکات، محەممەد دەڵێت ئەوە کاسێتی ئەوە و ئەو دەنگەش نەنکێتی، هەر لە سەرەتاوە مەجیدی پێماندەڵێت کە محەممەد نەنکی بەخێوی دەکات، قوتابخانەکە چۆڵ بووە و محەممەد تەنیا دەمێنێتەوە و لەسەر یەکێک لە کورسییەکان چاوەڕوانی هاتنی باوکی دەکات، دەنگی چۆلەکە و کەوتنە خوارەوەی بەچکە چۆلەکەیەک و نزیکبوونەوەی پشیلەیەک محەممەد رادەچڵەکێنێ و بەرەوڕووی بەچکە چۆلەکەکە دەڕوات کە لە هێلانەکەی کەوتووەتە خوارەوە و دەگەڕێت بەدوایدا بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە هێلانەکەی خۆی و لە چنگی پشیلەکە رزگاری بکات.

بینەر زوو تێدەگات کە محەممەد دایکی نییە و نابینایە و ترسی لەدەستدانی ئەوماڵەی هەیە کە لە لادێکەیان هەیانە، هاوکات هەڵبژاردنی رستەیەکی وەک (خۆر زەوی ڕووناک دەکاتەوە) کاتێک مامۆستاکەیان دوا وانە دەڵێتەوە، بەرکەوتنی یەکەم و هەرەبەهێزی بینەرە لەگەڵ لایەنی دەروونیی تێکچڕژاوی محەممەد وەک نابینایەک، هەر لەسەرەتاوە بینای شەخسیەتی محەممەدی نابینا دەکات، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەش دیمەنی گێڕانەوەی بەچکە چۆلەکەکە بۆ ناو هێلانەکەی، نیشاندانی دیوە شاراوەکەی ترسی محەممەدە لەوەی کە باوکی نەیەت بەدوایدا، ئەم ترسە زۆر بە جوانی و وەستایانە خزێنراوەتە ناو رەفتار و جوڵە و بێدەنگییەکانی ئەم گرتەیە، ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی محەممەد کە بەتەنیا بمێنێتەوە، هەر لە سەرەتاوە بینەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەو باوکە حەز ناکات محەممەد لێی نزیک بێت، تەنانەت دەغدەغەی ئەوەی هەیە کە لەناویبەرێ. محەممەد وەک بەربەستێک دەبینێت لەبەردەم ژیانی خۆی، داوا لە مامۆستاکەی دەکات کە لەلای خۆیان گلی بدەنەوە و بەخێوی بکەن، دواتر لەکاتی گەڕانەوەی بۆ لادێکەیان دەیەوێت لەناویبەرێت، پاشانیش داوا لە وەستایەکی دارتاشی نابینا دەکات کە بیکات بە شاگرد لای خۆی و هەرلەوێش بژی.

ڕەنگی خودا چیرۆکی بینین و نەبینینە، چیرۆکی دەستەکانی محەممەدە لەڕێی گەڕانی پەنجەکانی محەممەدەوە.

یەکێک لە دیمەنە جوانەکان کە تێیداسروشتێکی جوان و دووردەست دەردەکەوێ، شوێنی پیاوە دارتاشە نابیناکەیە، فێربوونی دارتاشی بیانوویەکی باش بوو بۆ باوکی، چونکە محەممەد دەبێت لەوێ بژی. لەو شوێنەدا دار، ئاو، گژوگیا، با و دەنگی باڵندەکان و جوڵەی گەڵاکان و خوڕەی ئاو هێژموونی زاڵن، لە گرتەکەدا تەنانەت دیالۆگی هەرە بەهێز و بەرز لەوێدایە کە دارتاشەکە وانەی دارتاشی فێری محەممەد دەکات. محەممەد دیالۆگی خۆی و مامۆستاکەی بۆ دارتاشەکە دەگێڕێتەوە:


محەممەد: خودا ئێمەی خۆشناوێت.
مامۆستا: خودا نابیناکانی زیاتر خۆشدەوێت.
محەممەد: ئەگەر خودا ئێمەی خۆشبویستایە نابینای نەدەکردین بۆئەوەی ببینین.
مامۆستا: خودا نابینرێت، خودا هەستی پێدەکرێت، ئەو لە هەموو شوێنێک هەیە. بەدەستەکانت بەدوایدا بگەڕێ دەتوانی پێی بگەی.
محەممەد: من هەموو شوێنێک دەگەڕێم تا دەستم بەریدەکەوێت. دەمەوێ هەموو شتێکی پێبڵێم تەنانەت هەموو ئەوەی کە لەدڵیشمدایە.

ئەم دیالۆگە ئاستی هەرەبەرزی پڕ لە گرێوگۆڵی دەروونی منداڵێکی نابینایە و هەوڵە سادەکانیەتی بۆ گەیشتن بە خودا. دیمەن و دیالۆگەکە ئەوەندە خۆڕسک و سادەیە لە بیرەوەریی بینەردا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە گرنگ نییە کە پرسێکی دێرینەی فەلسەفی و باوەڕی دینی دەوروژێنێت، بەڵکو لەبەرئەوەی زۆر خۆڕسکانە هەوڵەکانی ئەم منداڵە بۆ گەیشتن بەخودا بەرجەستە کراوە. چی گوتن گرنگە، بەڵام گرنتر لەو چۆن گوتنە، لەڕێگەی پەنجەکانی محەممەدەوە بینەر بەر گەڕان بەدوای جوانیدا دەکەوێت، گەڕانی محەممەد بۆ "چۆنیەتی"یە، کامێرا شوێن دەناسێت، لەزۆربەی دیمەنەکانیدا ئێمە هەست بە چاوی کارەکتەرەکان دەکەین. دیمەنەکانی: دەستلێدانی لە بەچکە چۆلەکەکە، کردنەوەی دەستی لەهەوادا لەناو پاسەکە، دەستلێدانی لە دەموچاوی خوشکەکەی، گواستنەوەی هێلکەکان، دەستگرتنی نەنکی، کاتێک لە کەنار دەریاکە یاری بە لمی دەریاکە دەکات، یان لەوکاتەی کە باوکی دەیباتە لای وەستای دارتاشەکە کە ئەویش نابینایە و دەست لە دەستی محەممەد دەدات و پێیدەڵێت: "چەند دەستێکی باشت هەن". ئەمانە هەوڵی گەڕان و بەرکەوتنی محەممەدە بە جوانییەکان و خوداش وەکو جوانییەک هەستی پێدەکرێت.

هاوتەریب دەنگی باڵندەکان هەیە، بەتایبەت دەنگی ئەو باڵندەیەی محەممەد لە تەنیاییەکان و ترس و تەنانەت خۆشیەکانیشدا دێتە گوێی، ئەم تێچنی دەنگی باڵندەیە زۆر بە هۆشیارییەوە کراوە و گرێدراوییەکی زۆری بە دەروون و رۆحی محەممەدەوە هەیە، بێ بیرلێکردنەوە نییە، دەست نرخێکی سینەمایی -Cine matographic" هەیە لە هەموو گرتەکاندا و مەجیدی بە ئاگاییەکی زۆرەوە ئەم گرنگیەی بە دەستەکان داوە.

ژانری ئەم فیلمە دراما، خێزانییە و بەشێوەیەکی ماجیگریالیستی کاری تێداکراوە، دیالۆگ کەمە و چیرۆکەکە بە وێنەو کۆدی زمانی دەگێڕدرێتەوە و لەڕێگای نیشاندانی ئاو، دەنگی باڵندە، ماسی و دەنگی باوە پەیوەندییەکی خێراو ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەر دروست دەکات، زمانەکە زمانێکی سادە و لۆکاڵیە، زمانی گوندێکی دووردەستی شارە و نەرمە. دەنگ بە وردی کاری تێدا کراوە و بچوکترین دەنگمان گوێ لێ دەبێت، لەڕێگەی لەمسەکان و گوێی محەممەدەوە فیلمەکە دەبینین، دەنگ سمبولێکە. مەجیدی سوودی لە خەڵکی ئەماتۆر وەرگرتووە، بۆیە هەست بە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە دەکەین لە نێوان کارەکتەر و ماتریاڵەکانی دەوروبەریاندا. گێڕانەوە کراوەیە، کۆتایی چیرۆکەکە بەشێکی بۆ بینەر بەجێدێڵێت. دیمەنەکانی محەممەد هەمیشە دیمەنگەلێکن جوان و پڕڕەنگن، دیمەنەکان زۆر گرێدراوی کەسایەتیەکانن و لایەنی دەروونییان نیشاندەدات و زۆر گرێدراوی زمانە کۆدیەکەیە کە دەنگی باڵندەکان و دەنگی گورگەکەیە. هەرکاتێک چیرۆکەکە بەرەو ترس و کارەسات دەڕوات و باوکی محەممەد نیشاندەدرێت، دیمەنەکان تێکدەچن و جوانییان نامێنێت و تەمومژاوین کە نزیکن لە دەروونی ناجێگری ئەو. جوڵەی کامێرا لە هزری محەممەدەوە دیمەنی وەستاو و جێگیرن کە جگە لە چیرۆکی فیلمەکە، تابلۆیەکی هونەریی پڕ ڕەنگن و دیمەنەکان پڕ و شادن. مەجیدی ئەم کارەشی وەک ئەوانی دیکەی، ستایلی فیلمێکی سینەمایی ئێرانی هەیە، ریالیستییە و گەڕانی محەممەد لە ڕێگەی دەستەکانیەوە بۆ بەرکەوتنی بە خودا هێمایەکە بۆ ڕوانگەی سۆفیگەری، نرخی سینەماگرافیکی دەست لەناو دیمەنەکاندا زۆر گرێدراوی شوێنە و لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئیشی تێدا کردووە.

دولۆزی فەیلەسووفی فەرەنسی لەبارەی هونەری فیلم دەڵێت: فیلم کاتێک ئارتێکی نەمرەو دەبێتە ئارت کە هەموو ماتریاڵ و ئەڵمێنتەکان بە هۆشیارییەوە دووبارە ببنەوە لە وێنە و گرتەی جیاوازداو کۆی ئەم دووبارەبوونەوانە پرس و چیرۆکی فیلمەکە پێکدەهێنن. پارادۆکسێکی گەورە و بەرچاو لە ڕێڕەوی فیلمەکەدا هەیە، ئەویش جوانترین و دڵڕفێنترین دیمەنەکانی سروشتە هاوتەریب لەگەڵ دونیای تاریک و بێدەنگی محەممەد کە جیهانبینیەکی جوان و بەرکەوتنێکی جوانی هەیە لەگەڵ ئەو جیهانە ماتریاڵەی ئەو خۆی بەچاو نایبینێت، بۆیە بەرکەوتنی ئەو بەجیهانی دەرەوەی خۆی زۆر روحی و ئۆرگیناڵە و لە ڕێگەی دەستەکانیەوەیە، ئەمەش وای کردووە مرۆڤ پەلکێشی شوێنە قووڵەکانی دەروون بکات، شوێنگەلێک کە بەچاو نا، بەڵکو بە ڕۆح و خەیاڵ و لەمس دەبینرێن.




# نووسەری ئاڵۆز و ئاڵۆزیی نووسەر



■ فەرووخ نیعمەتپوور

**جۆیسی نموونە:**

لە پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکی "دوبلینییەکان" لە نووسینی جێمز جۆیس، سەبارەت بە کەسایەتیی ئەم نووسەرە بەناوبانگە بەم شێوەیە نووسراوە: "زێدە گۆیی نییە گەر بڵێین جێمز جۆیس خاوەن کەسایەتییەکی ئاڵۆز بوو. ئەو دوبلین واتە زێدی خۆی هەم خۆشدەویست و هەم زۆری رق لێبوو." (1)

لێرەدا "ئاڵۆز" وەک کۆبوونەوەی دوو خەسڵەتی دژبەیەک، واتە "خۆشەویستی و رق" لە یەک جەستە، شوێن یاخود رۆحدا پێناسە کراوە. بەم پێیە جۆیس ئاڵۆز نەدەبوو گەر تەنیا خاوەنی رق یان خۆشەویستی بایە سەبارەت بە شارەکەی خۆی.

تا ئێرە ئەو رستەیەی پێشەکیی کتێبەکە شتێکی ئەوتۆی سەبارەت بە جۆیس پێ نییە، چونکە ئەم خەسڵەتە دژبەیەکانە دەکرێ لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەبن، جا چ بۆخۆیان پێی بزانن یان پێی نەزانن. ئەوەی سەبارەت بەم نووسەرە گرنگە، ئەوەیە کە توانیویەتی تەکنیکێک لە شێوازی نووسینی رۆمان و چیرۆکدا بەناوی "شەپۆلی هۆش" بخولقێنێ و بە کەڵکوەرگرتن لەم شێوازە بەرهەمی بەهێز پێشکەش بە جیهانی ئەدەب بکات. کەسایەتیی گرنگی ئەو وەک ئەدیبێک، ئەوجا وا دەکا کە لایەنەکانی دیکەی کەسایەتیی وی وەک "ئاڵۆزبوون" بکەوێتە جێگای سەرنج و لێکۆڵەران و رەخنەگران هەوڵ بدەن پێوەندی و کاریگەریی ئەم خەسڵەتە لە گەڵ بەرهەمەکانی پەیدا بکەن. ئیتر هەر شتێکی ورد و درشت دەکرێ پنتێک بێ بۆ دەرخستنی پتری رازەکانی سەرکەوتنی جۆیس یا پێشکەوتنەکانی لە جیهانی ئەدەبدا.

لێرەوە دەکرێ لای هەر خوێنەرێک ئەم پرسیارە بوروژێت کە داخۆ ئاڵۆزبوونی کەسایەتیی دەتوانێ سەرچاوەیەکی گرنگ بێت بۆ بوون بە نووسەرێکی گرنگ؟ بە تایبەتی ئەم پرسیارە زەمانێک چڕتر دەبێتەوە کە بزانین گەورەترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهان ئەو بەرهەمانەن پاڵەوانەکانی نێوانیان ئاڵۆزن و لە پانتایی رۆمان یان چیرۆکەکەدا دەکرێ بە چەندین قۆناغی جۆربەجۆر و دژبەیەکدا تێپەڕ بن (نموونەی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانی "دۆنی ئارام" ی شۆلۆخۆف و کەسایەتی "ئاخیل" لە هۆمێر و ئۆدیسەی یۆنانیدا).

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەتوانین بڵێین کە نووسەر بەهۆی کاری نووسین و بیرکردنەوەی پتر سەبارەت بە هەندێ دیاردە، رەنگە زووتر بە ئاڵۆزیی بوونەوەرێک بەناوی مرۆڤ بگات. ئاڵۆزییەک کە لە رێگای نووسینەوە هەوڵی دۆزینەوە و ئانالیزەکردنی ئەدەبیانەی بدات. لێرەدا نووسەر تێدەگا کە هۆکارەکانی ئاڵۆزی دەتوانن دوو شت بن: ئاڵۆزیی دەرەکی، واتە دونیای دەرەوە و دەوروبەر، دووەم ئاڵۆزیی دەروونی. ئاڵۆزیی دەرەکی بۆ وێنە دەکرێ سادەترین نموونەی، شەو و رۆژ بێت کە تەواو پێچەوانەی یەکترن، ئاڵۆزیی دەروونیش دەکرێ سادەترین نموونەی، خەو و بێداری بێت، یاخود خواردن و دانەوە. گەشت بەناو دیاردە ئاڵۆزە دەرەکی و دەروونییەکان و دۆزینەوە یاخود چێکردنی پەیوەندیی نوێ لە نێوانیاندا، رەنگە وەزیفەی سەرەکیی کاری ئەدەبی بێت. جاری وایە نووسەر ئەوەندە سەرقاڵی ئەمەیە کە پەیوەندە ئاساییەکانی لەگەڵ دەوروبەر لەدەست دەدات و غەریب دێتە بەرچاو. غەریبیی گەڕان، کەسایەتیی غەریب دروست دەکا. کە شوێنە ئاڵۆزەکانت نە وەک دیاردەیەی ئاسایی، بەڵکوو وەک دیاردەیەک بۆ لێ قوڵبوونەوە سەیر کرد، ئیتر بۆخۆیشت دەکەویتە ژێر سریمەی. کەواتە گەر نووسەر نەیەوێ ئاڵۆزیش بێت، خۆبەخۆ بەهۆی کارەکەیەوە ئاڵۆز دەبێت، ... ئاڵۆزتر لە کەسەکانی تر. بوونەوەرێک کە جاری وایە ئەو سەرەداوی ئاڵۆزییەکانی بە دەستەوەیە و جاری وایە ئاڵۆزییەکانن کە سەرەداوی ئەویان بەدەستەوەیە. بوونەوەرێک لە نێوان دوو گەمەی گەورەدا.

**دوو دەستەواژە:**

لێرەدا دەتوانین دوو دەستەواژە لە یەکتر جیابکەینەوە: نووسەری ئاڵۆز و ئاڵۆزیی نووسەر کە مەبەست لە نووسەری ئاڵۆز ئەو کەسەیە لە کەسایەتیی خۆیدا ئاڵۆزە و ئاڵۆزیی نووسەریش ئەو دیاردەیەیە کە خۆی لە ئاڵۆزیی نووسینەکاندا پیشان دەدات. دوو جەمسەر کە یەکەمینیان خۆی لە نووسەردا دەبینێتەوە و دووەمیشیان لە نووسینەکاندا. ئاڵۆزبوونیش، خەسڵەتی هاوبەشی هەردووکیان.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەستەواژە گرنگەدا، دەکرێ دوو دیاردە سەرهەڵبدات کە رەوتی سروشتیانەی ئاڵۆزبوون بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. یەکەمین دیاردە ئەوەیە کە نووسەر بەرەبەرە بە وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەسەر ئاڵۆزی، بەو ئەنجامە بگات کە بۆئەوەی بتوانێ بەرهەمی باشتر پێشکەش بکات، لەڕێگای ئیرادە و حەزەوە ئەم خەسڵەتە لە خۆیدا بەهێزتر بکا، بۆ وێنە لاساییکردنەوەی نووسەرە بەناوبانگەکان، زێدەڕۆیی لە دوورەپەرێزیدا و گومانکردنی ریشەیی و بەردەوام لە هەموو شتێک دەکرێ ئەو ئامرازە فیکری و رۆحیانە بن کە نووسەر دەتوانێ کەڵکیان لێوەربگرێ. دووهەمین دیاردە ئەوەیە کە نووسەر لە هەندێ ئامرازی ماددی وەک خواردنەوە و ... کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بە رەهاکردنی دەروون لە قەید و بەندە باوە کۆمەڵایەتییەکان، قۆناغی ئاڵۆزی بە چڵەپۆپە بگەیەنێ. بە واتایەکی تر مێتاکۆگنیتیزمی نووسەر "زانیاریی نووسەر بەسەر زانیارییەکانی خۆیدا"، ئەو بخاتە حاڵەتێکەوە کە رەوتی سروشتیانەی ئاڵۆزی لەودا تێکبدا و ئیتر ئاڵۆزبوون خەسڵەتی دەستکردیش پەیدا بکات. هەڵبەت دۆزینەوەی ئەم حاڵەتە دەستکردە و جیاکردنەوەی لە حاڵەتە سروشتییەکەی زەحمەتە، رەنگە باشترین پێوەر ئەوە بێت کە نووسەر لە حاڵەتی "ئاڵۆزبوونی دەستکرددا" رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی گاڵتەجاڕانە دەردەچن، بەڵام لە حاڵەتی "ئاڵۆزیی سروشتیدا" رەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی تا ئاستێکی زۆر لە جێی خۆیانن، بەڵام نووسینەکانن کە ئەو ئاڵۆزییە دەنوێننەوە. هەروەها بەسەر خۆدا هەڵگوتن دەتوانێ دەربڕێکی تری "ئاڵۆزیی دەستکرد" بێت.

**گرفتێک:**

لێرەدا گرفتێک دێتە پێش. گرفتەکە ئەوەیە کە نووسەر لە توانای تێگەیشتن بەسەر ئاڵۆزیی خۆیدا بەهرەمەندە و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی "ئاڵۆزبوونی دەستکردیش" وەک دەستکرد نەیەتە بەرچاو. ئەو دەتوانێ ئەم حاڵەتە لە فۆڕمی یەکێک لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانیدا بەرجەستە و ئانالیزەی ئەدەبیانە بکات و بەم شێوەیە لە رێگای مێتاکۆگنیتیزمەوە بەرگی ئاسایی بە حاڵەتەکە ببەخشێ. بەڵام وەک گوترا تەنیا لە رەفتاردایە کە بەشێوەی سەرەکی دەتوانرێ جیاوازیی نێوان ئاڵۆزیی دەستکرد و ئاڵۆزیی سروشتیانە پەیدا بکەین.

**دوا وشە:**

دەقی ئاڵۆز و خوێنەری ئاڵۆز، دەرگا بۆ دەق و خوێندنەوە ئاڵۆزەکانی دیکە دەکەنەوە و هەر لەم روانگەیەوە رێگا بۆ گەشەی بیر ئاوەڵا دەبێ. گەشەیەک کە تێیدا کاکڵ راستی و دروستیی لایەن یان لایەنەکان نییە، بەڵکو کاکڵ بریتی دەبێ لە بیرکردنەوە لە فۆڕمی ئەدەب و فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا.



# « ژنێک لە هەوادا دەکێشم »



زانا خەلیل

## "دەبێ کێ لە خۆت دوور بخەیتەوە؟"

ئەوانەی کە وەک کۆپتەری بچووک
ژاوە ژاو و غەڵبەغەڵبیان
لە کار و قەبارەی خۆیان گەورەترە.
ئەوانەی گەردەلوول
لەناو تەنیاییت دادە گیرسێنن،
کاتێ تۆ لە تیشکی خۆری
سەر باڵی شووشەیی هەنگێ راماوی.
ئەوانەی کە لە نێوان ئازادی و بەرەڵڵایی
تەم دەیانخوا و لایان وایە
ئازادیی فڕینە و بەرەڵڵاییش فڕین.
ئەوانەی لە تووڕەبوون تووڕە نین و
رقیشیان لە شەپۆل و
رقی زریانەکانی رقلێبوونەوە نابێتەوە.
ئەوانەی رووخساری خۆشەویستەکانیان
بە دەریاچەیێ نوور نازانن
کە بە گیا و گاردینیا و سێبەر دەورە درابێ.
ئەوانەی پێیان وانییە رۆژێکی بێ عەشق
وەک رۆژێکی بێ خۆر وایە.
ئەوانەی خۆیان لا
بەلەمێکی لاڵ و بچووکی
بێ چارۆگەی
ناو زەریایەکی بێ کەنار نییە.
ئەوانەی بە دوای تراویلکەی خلودەوە
راکە راکیانە و نایانەوێ بزانن
چرکەکانیان دەسڕێتەوە و
ئەوانیش لە چرکەکاندا.
ئەوانەی لێرە و لەوێی مێژوودا
خوداوەندی جۆراوجۆریان
لە پێناو عەدالەت و ئازادی و
سەمای هەزاران حۆری
چاخی هەستانەوەی
دوای کەوتنە ئەبەدییەکان داهێنا.
ئەوانەی دەڵێن:
کرینی دەقیقەیەکمان بەسە و
لە ترسا دەچن سەعاتێک دەکرن.
ئەوانەی نازانن کە دەتەوێ
یەکێ لەبیر بکەی
یانی بیری دەکەیت.
ئەوانەی کە دوای جیابوونەوەیان
لە ژن و مەعشوقەکانیان
بە ئازادی و بەرەڵڵایی و
شووکردن و شووکردنەوەی
ژن و مەعشوقەکانیان
رۆشنایی
تاریک دەبینن و
خۆیان لا شەریفێکی بێشەرەفە.

ئەوانەی کە دەبێ
لە خۆتیان دوور بخەیتەوە زۆرن
بەڵام بە تایبەت ئەوانە لە خۆت دوور بخەوە
کە دەیانەوێ بە ناوی خۆشەویستییەوە
رەگی بەختەوەریت
لە زەمینی ژیانتەوە هەڵتەکێنن.

## "رستەکانی ئەخیری ئەو شیعرە منم"

ئەو زێبرایەی سوکانی گرتووە و
بەدەم گوێگرتن لە گۆرانییەوە
تەزین و
سرپوون و
رووباری ئاگر لێدەخورێ، من نیم.

ئەو پیاوە تاریکەی
باڵێکی مسە و
باڵێکی قورقوشم و
رتوبەتی هەوای شار
سییەکانی دەخوا، من نیم.

ئەو بیابانەی کە لەژێر بارانی پایزدا
بە دەوری خۆی و زەمیندا دەخولێتەوە و
خۆی لە خۆیدا دەنێژێ، من نیم.

ئەو بێهودەیە،
کە دەریا دەریا شووشەی تەنک
بەناو ئاسنی دەمارەکانیدا
پیاسە دەکا و
دەستێکی عەلاگەی خەون و
دەستەکەی تری
سندوقێ خوێن و ئیلتیزام، من نیم.

ئەو مێروولەیەی
کە لە دەریاچەی سەعاتدا
نقووم بووە، من نیم.
ئەو هاوارە لاڵە، من نیم
ئەو نوورە تاریکە، من نیم
ئەو ئاوە تینووە، من نیم
ئەو قەدیسە گوناهەی سەر خاچ، من نیم.

تەماشای ژێر پێستی لاملت
تەماشای دووکەڵی ناو سییەکانت
تەماشای تامی تاڵی
سەر زمانی شیرینت بکە..
من بۆ تا ئەبەد لەوێم ..

## "ژیان تەنیا گێڕانەوەیە"

رۆژانە سەری لەسەر سینگم دادەنا
وێسکی و کۆلا و باوی
لەسەر تەختمان و
چیرۆکی ژنەکانی ژیانمم بۆ دەگێڕایەوە
جارێ گوتی:
تکا دەکەم، من بۆ کەس نەگێڕیەوە.
ئێستا من
چیرۆکی ئەو
وەک رابردووی دوور
بۆ هەموو ژنانی دنیا دەگێڕمەوە.

## "لە ئۆفیسی پرۆفیسۆرێکی کیمیادا"

دەرگاکەی کردەوە،
من پەردە و دەرگاکانم قفڵدا و
دەرەوەم وەک گەڵاییێکی وشکەڵاتوو
خستە نێو لەپەکانم و کرۆشتم.
قاوەی بەیانی بۆ دانام
من دوو چارێگ شەرابی سپیم
لەسەر مێزەکەی دانا
ئەو "دەریاچەی چایکۆفسکی" هەڵکرد و
من نوورم ناشت..

زرنگەی گلاس هات و
من یەکەمجارم بوو
ژنێکی پرۆفیسۆر ببینم
لە باوەشمدا سەما بکا.

## "هەموو شتێ لە گەردووندا موڵکتە"

ئەو منداڵانەم موڵکمن.
ئەو رێگایە، بە دۆڵ و راستایی و
ترۆپکییەوە موڵکمە.
ئەو خەونە بێخەونانەی
وا دەبارێنە نێو خوێنم موڵکمن.
ئەو ژنەم، بە هەموو غەدرەکانمەوە موڵکمە.
ئەو هەورانەی وا حەرف
لە ئێسکمدا دەڕوێنن موڵکمن.
ئەو شیعرانەم بە مەستەکان و عاقڵەکانیانەوە
موڵکمن.
قەنەفە شکاوەکانی ناو ئەو ماڵەم موڵکمن.
ئەو ژنانەی خۆشیانویستم و
خۆشیاندەوێم موڵکمن.
ئەو پێغەمبەرانە
بە هەموو رەنگەکانیانەوە موڵکی منن.
ئەو زەمینە بە جوگرافیا و
مێژوویەوە موڵکی منە.

هەموو شتێ لەو گەردوونەدا موڵکی منە
جگە لە خۆم
کە نازانم
بۆ ناتوانم
موڵکی خۆم بم!؟

## "ژنێک لە هەوادا دەکێشم"

فلچەیەک دەگرمە دەست
لە هەوادا بازنەیەک دەکێشم و
لەناو بازنەکەدا ژنێک،
لەسەر مەمکی چەپی
قەلەرەشێکی سپی و
لە نێوان مەمکەکانیشدا
بە دوو ریز مێروولەی سپی، خاچێک.

فلچەیەک دەگرمە دەست و
لە هەوادا ژنێکی لە خاچدراو دەکێشم
کەس توانای بینینی نەبێ،
جگە لە من.
کەس نەتوانێ قەبری ببینێ لە هەوادا
جگە لە من.